هەرکەسێک بە نێو مزگەوتەکانمان یان بازاڕەکانمان تیپەڕی و تیری پێبوو؛ ئەوا با دەستی سەری تیرەکان بگرێت نەبادا بەهۆیانەوە مسوڵمانێک ئازار بدات

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بە نێو مزگەوتەکانمان یان بازاڕەکانمان تیپەڕی و تیری پێبوو؛ ئەوا با دەستی سەری تیرەکان بگرێت نەبادا بەهۆیانەوە مسوڵمانێک ئازار بدات».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەرکەسێک بە نێو مزگەوتێک یان بازاڕێک یان شوێنێکی کۆبوونەوەی مسوڵمانان تیپەڕی ئەگەر تیر یان ڕم یان چەک یان هەرشتێکی هاوشێوەی ئەمانەی پێبوو، ئەوا پێویستە بە وریاییەوە دەستی پێوە بگرێت نەوەک بەهۆیانەوە مسوڵمانێک ئازار بدات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5442